

# بەر لەوەی دڵم لە تۆ بکەوێت

# هەناسەی دووەمی خواخان

تا ژیان بە بەریەوە ماوە

نوێژێک لە بەر بارەگای خواخانا

ئەڕۆم وشوێنەوارێکی ناشیرین لە ڕۆحتا جێ دێڵم

بە دەست خۆم نیە گوڵم ڕۆژە ساردەکانی عەشق گوناهبارن

تازە ئەم گۆلۆلەی جودایی کە لە دەستی بادایە بە من و تۆ کۆ
ناکرێتەوە
ئەم هەناسەیەی لە گەروی گوڵێکی بەژموردەدا دەمرێت
ناگەڕێتەوە نێو سینەی هەژارم
ئەم زانی ڕۆژێک دێت دەڕۆم و
پەردەی ژورەکەم گلۆپی بەرهەیوان دەرگاکان بە کراوەیی جێ دێڵم
دڵنیام پاش ڕۆشتنم گوڵەکانی بەر پەنجەرەکەم
ئاوێنەی ژوری نوستن و شوشە بۆنەکانم لە هەواڵم ناپرسنەوە
بەڵام تۆ تەمەنێک ماتیەک دات دەگرێت
ئەزانم هەمیشە شتێک لە گەروتایە بۆنی پرسیاری لێوە دێت
پرسیار دەربارەی سەربوردەی ماچە هەتیوەکان
دەربارەی چاخەکانی خوایەتیمان
پرسیار دەربارەی گۆڕستانی وێنەکان
دەربارەی مەحشەری خۆزگەکان
ئەزانم تۆ شتێک لە ڕۆحتایە ژیانت لا تاڵ دەکات
ئەزانم ئەفسونێک لە چاوتایە عەشق زەلیل دەکات
سەیر کە درۆ کردن لە گەڵ عەشقا چەند ترسنۆکیە
بمبینە ئەو ڕۆژەی وەک گەڵایەک بەو بەرزاییەی درەختی تووە شەرم
بە با دەفرۆشت
تەرزە بەو سەرشێتیەی خۆیەوە شەرمی لێ دەکردم

ئەمێستا ئەو دووانە کێشم ئەکەن

کێشم ئەکەن.........کێشم ئەکەن

لارەلارەمە

ئەمەوێ بگەڕێمەوە ژێر سابانە موبارەکەکانت

لارە لارەمە

دەنگم ناگاتە توحفەگرانبەهاکانی دڵت

لارە لارەمەو خۆزگەی بە خێو کردنی ئەم کۆترە لاکوێرەی تەنهاییتم

سەربوردەی شەوانتم لا جوان دەکات

ئەم ڕەشەبایە نەیتوانی بمبات بۆ خۆی

ئەم شمشێرە نەیتوانی بگاتە سەر تەلیسمەکانی ڕۆح

ئەم شەوانە توانای کۆکردنەوەی منی نەبوو

لە گەڵ هیچ ئەستێرەیەکی دوور کوژا

لارەلارەمە

دەستم بە قوفڵی کیلۆنەکانی ڕۆحتەوە گیر دەکەم ئەمجارە

دڵم وەک قوڵاپ لە تەنهاییە حەزینەکانتەوە وەر ئەیەم

لارەلارەمە

ئەمەوێت بگەڕێمەوەژێر باڵە جوانەکانی تۆ

ئەمەوێت شیعرەکانت

وەک ئایەتە پیرۆزەکانی ناو کتێبی عاشقان  لە بەر کەم

سەیرکە ئەی کچێکی لە ئەزەلەوە خوا

ئەی باخچەیەکی لە ئەزەلەوە بەهار
ئەی نورێکی لە ئەزەلەوە مانگ
ئەی منالێکی ستەمدیدەی لە ئەزەلەوە پیر
چ کڕنۆشێک لە ڕۆحما ئەم هێنێتە سەرچۆک
لە بەردەم سێبەرێکی بڵابەرزتا
بڕوانە ئەی شەماڵێکی  لە ئەزەلەوە گەردەلولوڕەشەبا
ئەی شەونمێکی لە ئەسڵەوە کانیلەو دەریا
ئەی میوانێکی شەرمنی نێو دڵم و
لە بوونەوە خانە خوێو کابان
چ سمکۆڵانێک حیلە حیل ئەم هێنێتە سەرچنگ و
چ گوڵو ژانێک نوزە نوز تەنهایم دەوروژێنێت
بڕوانە دەنگێک لە ڕۆحمایە
ئاژاوەیەکی جوان لە ناو چۆڵەکەی عاشقاندا ئەخولقێنێت
بەڵام ویستم بەر لە ڕۆشتنم بە یەک جاری
جگەر گۆشەیەکی ماچ بۆ یادگار لە نێومانا جێ بمێنێت
ئاخر ویستم بەر لەوەی بڕۆمو بشێوێم و وون بم
وێنەی باوەشێکی گەرمت  لا جێ بهێڵم
ویستم بەر لەوەی بڕۆم
گوڵە دالیای ڕاموسانی تاوە بارانێکی عاشق و
تەرمی نیگایەکی هەتیوم لە چاوەکانتا بنێژم و ئیتر بڕۆم

بەڵام لێ نەگەڕان
جێ پێکانی میوان و
بایە قوشێکی برسی  بە سەرمنارەی مزگەوتەوە لێنەگەڕان
نەیان هێشت
با نەیهێشت پەنجەرەکە بەسەر تەنهایمدا بکەیتەوەو
شەو نەیهێشت
تاریکاییەکانی ناو دڵی من ببینی لە سەر سیلەی کۆڵان
چی هەتیوانە تێ پەڕیم ......وای
بۆنو بەرامەی عاشقە درۆزنەکان
ڕێیان نەیا بە بۆندا بم ناسیتەوە
حەسحەسە چەتونەکان نەیان هێشت .....نا
کەمێک لە بەردەم ئەو بارانەیا ڕاوەستم و
خونچەی عەشقێکی  لە ئەزەلەوە پەژموورده
لە بەر دەرگاکەتانا بنێژم
*   *   *

ڕۆشتم و ئاوێنەی ڕوخسارت درزی برد
جێم هێشتی و گوڵەکانی عەشقیش وەرین
ونبوم و دڵنیام ئیتر ڕۆژنابێتەوە
دڵنیام ئیتر باران نابارێت و
بەفر ڕۆ ڕەش دەبێت

درەختەکان بە رەگو خاکەوە مەحفەبنەوە
ئەمزانی ڕۆژێک دێت .......ئاخ
شیعرەکانم خەندەکانم بارانەکانم باخچەکانم
شاخەکانم دەریاکانم
براکانم هاوڕێکانم......ئاخ
لە هەواڵم ناپرسنەوە
بەڵام تۆ سێبەرێکیت بە سەر سەرمەوە دەبیتە ڕێبەرم و
پرسیارێکیت  لە دڵما دەبیتە نەشتەرو
هاوارێکیت لە گوێما دەبیتە بانگی  زیندو بونەوەی خەلیقەت
ڕۆژێک دێت نورێک لە چاوەکانمدا هەڵ دێت و
ئاگرێک بە ڕۆحما بڵاو دەبێتەوە
ڕۆژێک دێت ڕەوە ئاسکێکی شەرمنۆک
دێنە ڕێم وورد وورد دەستم دەگرن و
وورد وورد دەمهێننە قسە کردن و
پەیتا پەیتاش ئەم هێننەگریان
شەو دێت و دەستم لە سەر خەزێنەکانی تەنهاییمە
لە باوەشی تاریکیدا عەشق خۆی ڕووت دەکاتەوە
هەستەکەم هێشتا بۆنی ئێوارانی تۆم لێدێت
هەستەکەم عەشق نەمریە نەمری
ئاخر من دڵنیام چەند دوور بم

هەناسەیەکم بەسە دڵۆپ دڵۆپ بمڕژێنێتەوە نێو سینەی تۆ
وای درۆ کردن لە گەڵ عەشقا چەند ترسنۆکییە
وای دوور کەوتنەوە لە عەشق چەند زەلیلیە
* *

*

ڕۆژێک دێت باخچەیەک لە گومان
لە ئەندێشەما دەڕوێت
شمشێرێک لە حیقد لە ڕۆحما ئەچێت بۆ غەزا
ئاژاوەیەک ماڵی دڵ ئەکاتە خەرابات
ڕۆژێک دێت بەرپرسیارم لە نزاکانی هەور
ئەبمە واریسی ئەستێرەیەکی بریندار لە سەرەمەرگا
ئەبمە ئیمپراتۆرێکی دۆڕاو چۆلەکە شکانم لای درەختێک لێدەکات
ئەبمە عاشقێکی خەم ساردو
دێوانەیەک لە بەردەم ئاوێنەیا شەمەزارم دەکات
ڕۆژێک دێت پەنجەکانم بە سەر سەرمەوە دەبنەجاسوس
چاوەکانم دەبنە گۆڕستانی ئەوینو خۆزگەکان
با پرسیارم لێ دەکات
ئاگر ئەبێتە چەتەو ڕوتم دەکاتەوە
دەریا بە پێی پەتی شان بە شانی نمە بارانێ ڕەدووم دەکەوێت
لارەلارەمە

ئەمەوێت  گوێبگرم لە وەسێتەکانی پەپولە بۆ باخچە
ئارەزو دەکەم قومری  لەو هەموو سکاڵایە ژێر کەمەوە
ئەمەوێت بەرد بێنمە قسەکردن و
شاخەکان بێنمە سەماو عاشقان بگریەنم
چی دڵ گرانیەکە شەماڵ ئەدرەسم نازانێ
چەند نیگەرانم نێرگزەکانی شیعر نامناسنەوە
خواخانیش خۆیم لێ هەڵە ئەکات ..وای
خۆیم لێ دەپارێزێت لە خۆیم دەردەکات
وەک بەر ماڵی پیرە ژنێکی کۆنە عاشق
لە یادگارو خەونە بەرەڵاکانیم دەتەکێنێ

*          *          *

ئیتر بە بەردی تەنهایی دڵم شکاو
قەدەری ئەم لێک ترازانە هەلا هەلای کردم
کۆ نابمەوە
نەبە موعجیزەکانی پێغەمبەرو
نە بە حیکمەتەکانی داپیرەو
نە بە نوێژەکانی  دایکم
پەرشو بڵاوم دایە گیان
ئەزانم دەستەکانت خوا لە پاڕانەوە بێزار دەکەن
وەرە هەڵم گرەوە دایە گیان بم پێچەرەوە  قۆناغم کە

لای لایەم بۆ بکە زیندوم کەرەوە
بڵێ بە مەلای گوند حاشا لە دیاری
با لە مەجلیسی ناونانما ئامادە نەبێت
......دایە گیان
تەنهاییم ئاوەدان کەرەوە تیمارم کە
لە دەستی ئەم ئاگرو تۆفان و ڕەشەبا دەربازم کە
....دایە گیان
دەستم بگرە با ئەم ماشینەی عەشق نەمکات بە ژێرەوە
چاودێرم کە با ئەم هەڵۆیەی گومان سەرم نەخوات
بم گێڕە بە کۆڵانە پێچاو پێچەکانی  ناموراديا بم گێڕە
بم گێڕە بە ناو گۆڕستانی  خەون و عەشق و بەر بەریەتی ئەندێشە
ناسازەکانما بم گێڕە
ئەزانم هەموو هەنگاوێک زیلزالێک درووست دەکات
هەموو فرێنێک عەرشێک دەلەرزێنێ
هەموو پێکەنینێک  دڵێک ئەکاتە خەرابات
ئەزانم خواخان گیان
هەموو ڕازێک جوانیەک حەرام ئەکات
هەموو عەشقێک بەهارێک قەتڵوعام ئەکات
بەڵام ڕۆشتم و
تاریکایی  بۆ ئەبەد کەوتە سەر ڕوخسارت

ئەزانم وشەیەك لە گەروتایە ئەی خوا
جوانی حەرام دەكات
لارەلارەمە
هێشتا نورێك لە دڵمایە
ئەم خالە سەر زیكرو تەهلیلە شەوانت
هێشتا ئاوازێك لە ڕۆحمایە
لە دوورترین جێگە لەو بەڕی نیشتیمان
ئەم هێنێتەوە سەر سفرە شەفافەكانی عەشق
درۆ كردن لە گەڵ عەشقا چەند ترسنۆكیە........وای
دوور كەوتنەوە لە عەشق چەند زەلیلیە...........وای

شەهید كەولۆسی